# ئەمیر تەها:

# باشترین خەڵات بۆ من ئەو کاتە بوو کە ئامادەبووان فرمێسکیان بۆ فیلمەکەی لەیلا قاسم رژاند



**بەم دواییانە دەرهێنەر ئەمیر تەها کاری وێنەگرتنی فیلمی (دووانەی ئازادی)ی تەواو کرد و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە، ئەم فیلمە یەکێك لە بەسەرهاتەکانی برا مەسیحییەکان دەگێڕێتەوە و باس لە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستان و دڕندەیی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەکات، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فیلمەکە گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی (ئەمیر تەها)ی دەرهێنەر و ئەکتەری فیلمەکە کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

**• بیرۆکەی فیلمی (دوانەی ئازادی) چۆن دروست بوو؟**

- هەموو گەواهی ئەوەین کە لە دووساڵی رابردوودا دڕندەترین گروپی توندڕۆ بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە و دەیانەوێ ئەو سەقامگیرییە و روو لە سەربەخۆبوونە ئاوەژوو بکەنەوە،بۆ ئەمەش سەدان شەهیدمان داوە، ئێمەی هونەرمەندانیش هیچمان لە پێشمەرگە کەمتر نییە کە بە زوومی کامیرەکانمان باسی قارەمانیەتی و بەرخودانی پێشمەرگە بکەین و بەڵکو کەمیشمان کردووە. ئێمە لە دووانەی ئازادیدا باسی کەسانێك دەکەین کە بۆ چەمکە مرۆییەکانی مێژوو خۆیان بەخت دەکەن، دووانەی ئازادی لە هەستکردنمان بە نیشتمانپەروەری و رێزگرتن لە گیان و فیداکارییەوە دروووست بوو، لە سووتانی جەرگی دایك و هاوسەری شەهیدانەوە دروووست بوو، لە نوزەی دەنگی منداڵانی شەهیدەوە دروووست بوو.

**• ئەو ئەکتەرانەی رۆڵی سەرەکییان هەیە کێن؟**

- لەم کورتە فیلمە سینەماییەدا ٣ ئەکتەری سەرەکی رۆڵیان کە ئەمانەن سەلام کۆیی، ئەمیر تەها و ئەکرەم محەمەد و ١٥ ئەکتەری کۆمبارس هەیە.

**• بۆچی چیرۆکی وا بە کورتە فیلمێك گوزارشتت لێیکردووە، ئەگەر فیلمێکی درێژ بوایە باشتر نەدەبوو؟**

- زۆر بە دڵنیاییەوە باشتر بوو ئەگەر فیلمەکەمان بە درێژی بووایە، بەڵام لەم سەردەمەی کە قەیرانی دارایی لە ئارادایە و لەهەر دەرگایەك بدەی پێت دەڵێ بەس باسی پارە مەکە، فیلمی کورت بە گشتی و فیلمی درێژیش بەتایبەتی وەك دەزانرێ و ئاشکرایە گەر بتەوێ کاری باش بکەی بودجەی گەورەی دەوێ، دەنا ئەمەی ئێمە کردوومانە وەك نموونەیەکە بۆ ئەو کەسانەی یان وەزارەتی رۆشنبیری کە بیانەوێ ببنە خاوەن فیلمێکی درێژ و نازدار لە مێژووی سینەمای کوردیدا. دەرگە والایە و ئیمە زۆرتر پێمانخۆشە کە پاڵپشتی هونەرمەندانی بواری سینەما بکرێت تا چیرۆکی خۆمان بە درێژی تێر و تەسەلی بگێڕینەوە.

**• باسی ئەوەت کرد بوو کە پێشبینی دەکرێ لە فیستیڤاڵە سینەماییە جیهانییەکاندا سەرکەوتنی گەورە بە دەست بهێنێت، تاچەند دڵنیای لەمە؟**

- کاتێك دەستمان کرد بە نووسینەوەی سیناریۆی جێبەجێکاری، ئەوەندەی بیرمان لەوە بوو کە باسی پێشمەرگە و قارەمانیەتییەکانی بکەین ئەوەندە بیرمان لە بەشداری پێکردنی نەبوو بۆ فیستیڤاڵ هەرچەندە مافی خۆشمانە بیری لێبکەینەوە،بەڵام کە کەوتینە ناو فیلمەکە و شێوەی کاری دڵسۆزانەی هاوکاران و سینەماکارانی بەشداربووی دووانەی ئازادیمان بینی هەر لەوێ ئەوان بەر لەمن باسی ئەوەیان دەکرد کە مادام ئەوها دڵسۆزین و بە خۆبەخشی لە شوێنێکی گەرمی وەك مەخموور لەژێر ٤٨ و ٥٠ی پلەی سەدی هاویندا کار دەکەین و گوێ بە هاتنی کاتیۆشای داعش ناگرین واتا ئێمە سەردەکەوین، هەربەوەش نەوەستاین، بەڵکو دوای بینینی مەتریاڵەکەمان ئەوجا باسی فیستیڤاڵمان کرد و هەوڵیشی بۆ دەدەین و دڵنیاشین دووانەی ئازادی لە زۆر فیستیڤاڵدا دەگەڕێ و سەری ئێمە وەك ستاف و سەری کوردیش بەرز دەکاتەوە، پەنا بەخوا.

**• باسکردنی بابەتێکی گرنگ و هەستیاری وەکو شەڕی داعش بۆ ئەوە نەبووە کە سەرکەوتنی و بەدەستهێنانی خەڵات مسۆگەر بکەی؟**

- ئەگەر زانیاریتان سەبارەت بە ئێمە هەبێت، ئەوا باش ئەو راستییە دەزانن کە کاری زۆرمان کردووە و هەرگیز بەو شێوەیە بیرمان لێنەکردۆتەوە. ئەگەرچی بیرکردنەوەیەکی مەشروعیشە، ئێمە لە زوودا خاوەنی دۆکۆمێنتارین سەبارەت بە لەیلا قاسم، سەبارەت دۆزی ئافرەتان، سەبارەت ئەنفال، سەبارەت چیرۆکی ئەڤینداری وەك ئەسمەر و مامەر. بۆ باسی داعشیش نەکەین؟ بۆ لە کارەکانی ترمان ئەو بیرەمان نەبووە بۆ لەمە وا بێت؟ بە ڕای من خەڵات ئەو کاتە بوو کە تێکڕای ئامادەبووانی هۆڵی پێشەوا فرمێسکیان بۆ فیلمەکەی لەیلا قاسم رژاند، ئەو کاتە خەڵات بوو کە ئەسمەر و مامەر ٣ ملیۆن سی دی لێ فرۆشرا.









**● بۆ وێنەگرتنی فیلمەکە چەند ڕۆژ لە سەنگەرەکانی جەنگ بوون؟**

- لە کاتی هەڵبژاردنی لۆکەیشن سەردانی میحوەری گوێڕ و مەخموورمان کرد و بۆ ماوەیەك دیزاین کردن لەگەڵ برای بەڕێزم مامۆستا حوسێن زارین و دواتر لەگەڵ کۆمەڵێك گەنج سەنگەرێکی پێشمەرگەمان بە ئیکسسواراتی ناو سەنگەر و دەوروبەری بۆ ماوەی یەك کیلۆ مەتر دانا، ماوەی ٣ مانگ خەریکی ئامادەباشی بووین و دوو هەفتەش وێنەگرتن و ٣ مانگیش مۆنتاژ دەمەوێ، هەروەها جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە لەنێوان مەخموور و سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە کارمان کردووە.

**● ئایا هیچ بودجەیەك هەبووە بۆ فیلمەکە؟ یان لە رووی داراییەوە چ ئاستەنگێك دروست نەبووە؟**

- لە سەرەتاوە تەنیا بە پارەیەك کە لەلایەن بەڕێز ئیهاب ناسر بەرپرسی سەنتەری هونەریی میدیا دابینکرابوو توانیمان سیناریۆیەکە بکڕین و ماوەی یەك ساڵ وەستاین تا ئەوکاتەی کە بڕیارماندا بە خۆبەخشی ئەم کارە هونەرییە دەستپێبکەین ئەویش بە هاوکاری برادەرانی مەخموور کە زۆر خۆبەخشانە و بێ گوێدانە گەرما و سەرما بێ گوێدانە برسیەتی دەستمان پێکرد و هەموو خۆبەخش کارمان کرد، بەڵام پێویستە سوپاسی تایبەتی هەردوو بەڕێزان خاتوو میدیا قازی و ئیهاب ناسر بکەین کە بڕێك لە ئەرکەکەیان لە ئەستۆ گرت.

**● سیناریۆی فیلمەکە باس لە پیاوێکی مەسیحی دەکات کە قوربانی داعشە، ئێزیدییەکان (مەبەستم کارەساتەکەیە) هیچ ڕۆڵیان لە فیلمەکە هەیە ؟**

- سیناریۆی فیلمەکە باسی ٣ کەس دەکات دوو لەوان پێشمەرگەن و ئەوەی دیکە پیاوێکی مەسیحیە کە لەلایەن داعشەوە ناچار کراوە بچێت لە شوێنێکی گرنگی هەرێمی کوردستاندا خۆی بتەقێنێتەوە، دیارە هەموو تاکێك و ئایینێك لە هاتنی داعشدا ڕووبەڕووی کوشتن و راوەدوونان و دوورکەوتنەوە لە زێدی خۆیان بۆتەوە، جا چ موسڵمان بن، چ ئێزیدی و چ ئایینەکانی دیکە، خۆ مەسیحیەکانیش کەمیان پێنەکرا، ئێمە کە باوەڕمان بە پێکەوەژیانە دەبێ مرۆڤ وەك چەمك وەرگرین، نەك بەلای نەتەوەی خۆماندا بچین ئێمە لە (دووانەی ئازادیدا) باسی کورد و مەسیحی دەکەین کە دوو توێژن لە یەکتری تێدەگەن و ئازارەکانیان هاوبەشە.

**● بیستوومانە زۆر جار ژیانتان کەوتۆتە مەترسییەوە، ئەمە چۆن بوو؟**

- زۆر راستە، نەك من بەڵکو یەکە بە یەکەی ستافی (دووانەی ئازادی). چونکە چەندین جار بۆ هەفتە و دووان کارمان راگرتووە لەبەر کاتیۆشاکانی داعش کە هەموو جارەکان بەسەر سەری ئێمەدا رەت دەبوون تەنانەت جارێك لەو جارانە کچێکی بێتاوان لە مەخموور شەهید بوو، بەڵام هەموومان باکمان بەو شتانە نەبوو، لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی هاوکاری هەماهەنگی میحوەری مەخموور و سەرجەم دامودەزگای مەخموور بکەم و ئەو ئەرك و ماندووبوونەیان لەبیر نەکەین کە ئاسانکارییان بۆ کردووین.

ستافی دووانەی ئازادی ئەمانە بوون: دەرهێنەر ئەمیر تەها، کامێرا زەردەشت خان، گریمۆر شەنگە کەرکوکی، دیکۆر حوسێن زارین، دەنگهەڵگر کارزان مامەند پیران، مۆنتاژ سۆران سۆرانی، شاریۆ لاڤان سەلام، فۆتۆ و پشت کامیرا، نیاز مەخمووری، یاریدەدەری کامێرا کاروان مەخمووری جل و بەرگ عومەر قەشقە، رووناکی ئەکرەم محەممەد و لاڤان سەلام، تەقینەوە رائید ئازاد، کرێن عوسمان مەخمووری، هەروەها سوپاسی تایبەت بۆ: مەلا مەهدی و مولازم محەممەد و مولازم سەلیم و موقەدەم میران لە میحوەری مەخموور و سەید موحسین بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور، فەتاح مەخمووری بەڕێوەبەری کارەبای مەخموور.

# دوای مردنی دایکی بەهێزتر گەڕایەوە

ماوەیەك بەر لە ئێستا دایكی كچە ئەكتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی مادلین مەتەر كۆچی دوایی كرد، ئەم رووداوە دڵتەزێنە كاریگەرییەكی دەروونی زۆر لەسەر ئەم كچە شۆخ و شەنگە هەبووە و لە گشت كار و چالاكییە هونەر و كۆمەڵایەتییەكانی دوورخستەوە و ون بوو.

مادلین كە یەكێكە لە هونەرمەندە ئەكتیڤەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان دوای مردنی دایكی لە فەیسبوك نووسیبووی:

دایكم مرد، جیهان مرد، خەڵك مردن، دەنگە پیرۆزەكە نەما، ئەو باڵندەیەی كە بە دەنگی ئاسمان دەیخوێند كۆچی كرد، ماناكان گەورەیی خۆیان لە دەستدا، خۆشی هۆكارەكانی لە دەستدا، بەزەیی كەرەستەكانی تێكشكان و ئەو سەقفەی كۆی دەكردینەوە رووخا، خوات لەگەڵ دایە گیان.

ئێستا لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان مادلین مەتەر دووبارە هاتۆتەوە مەیدان و پێدەچێت كۆچی دوایی دایكی كاریگەرییەكی ئیجابی لەسەر هەبووبێت، چونكە بەگوێرەی كەسە نزیكەكانی ئەم جارەیان زۆر بەهێزتر گەڕاوەتەوە وەك یاریزانێكی تۆپی پێ كە لە پێكان گەڕابێتەوە و پێیانی راگەیاندووە هەر كەسێك بیەوێ دووبارە بوونی خۆی بسەلمێنێت و بە دەوروبەری بڵێت ئەوەی روویدا كۆتایی جیهان نییە، جیهان بەردەوامە و ئەم كارەساتانە كە هاتنیان شتێكی چاوەڕوان كراوە و ئەمڕۆ بێت، یان سبەی هەر روودەدات و دەبێ هەموومان ئازیزانی خۆمان لە دەست بدەین، بۆیە لەجیاتی ئەوەی مرۆڤ بڕووخێنێت، پێویستە زیاتر پاڵپشت و هاندەر بێت بۆ بەردەوام بوون.





# ئەو ئەستێرانەی حەز دەكەن هاوسەرانیان قەڵەو بێت

جوانی یەكێكە لە هۆكارە سەرەكییەكانی بوون بە ئەستێرە لە هۆڵیۆد و زۆر جار بە مەرجی سەرەكیی سەركەوتن دادەنرێت بەتایبەتی بۆ ئەكتەرە ئافرەتەكان، لە نواندن جوانی شێوە و رووخساری ئەكتەر زیاتر گەرەك و پێویستە،بۆیە دەبینین زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتە ئەكتەرەكان گرنگییەكی زۆر بە جوانی خۆیان دەدەن و هەمیشە هەوڵ دەدەن كۆنترۆڵی كێشی لەشیان بكەن و قەڵەو نەبن.

بەڵام هەندێك لە پیاوە ئەكتەرەكان رایەكی پێچەوانەیان هەیە و حەز دەكەن خۆشەویستەكانیان یان هاوسەرە ئەكتەرەكانیان لەشیان پڕ بێت و قەڵەو بن، لەوانەش ئەستێرەی ناوداری جیهانی برۆس برۆسنان، هەرچەند زۆربەی ئەو ئافرەتانەی رۆڵیان لەگەڵی بینیوە لەشیان رێك بووە و هیچ جۆرە قەڵەوییەكیان پێوە دیار نەبووە، برۆسنان ماوەی دە ساڵە ژیانی هاوسەری لەگەڵ شای سمێسی ئەكتەر پێكهێناوە و بەپێی راپۆرتێكی گۆڤاری (A) ی تایبەت بە ناوداران برۆسنان دەڵێ: رۆژانە خۆشەویستیم بۆ هاوسەرەكەم زیاتر دەبێت، من زۆر حەز لە لەشی پڕ و خڕپنی دەكەم و هەڕەشەی ئەوەشم لێیكردەوە ئەگەر نەشتەرگەریی لادانی چەوری ئەنجام بدات ئەوا تەڵاقی دەدەم، هەرچەندە شای هەوڵێكی زۆریدا لە رێگای وەرزش و ریجیمی تایبەتەوە چەند كیلۆگرامێكی كێشی كەم بكاتەوە، بەڵام برۆسنان رایگەیاند كە بە هیچ شێوەیەك لە كێشی زیادی هاوسەرەكەی بێزار نییە و حەز دەكات هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە.

جگە لە برۆسنان هەر یەكە لە ئەكتەران هیو جاكمان و كلیف ئۆین و مات دایمۆن و رۆبێرت دی نیرۆ بەوە ناسراون كە هاوسەرەكانیان بە دەست كێشی زیادی لەشەوە دەناڵێنن، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی بێزار بوونیان، بەڵكو بەپێچەوانەوە هەمیشە هانی هاوسەرەكانیان دەدەن كە بەو شێوەیە بمێننەوە و هەوڵی دابەزینی كێشیان نەدەن.



# جاك ئەم جارەیان بە شاجوانێكی گرتووە

لیۆناردۆ دیكاپریۆ كە بە (جاكی تایتانیك) زیاتر ناوبانگی دەركرد و بە یەكێك لە ئەكتەرە جوانەكانی هۆڵیۆد دادەنرێت، لە هەمان كاتدا بەوە ناسراوە كە پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ چەندین ئەكتەر و ئافرەتی ناودار هەبووە، بێ ئەوەی ژیانی هاوسەرییان لەگەڵ پێك بهێنێت لەوانەش جیزیل بۆندشین، پار رفایلی، وبلایك و تۆنی گارن.

بەڵام بەپێی چەند سەرچاوەیەكی رۆژنامەوانی لیۆناردۆی تەمەن چل ساڵ ئەم جارە دەیەوێ ژیانێكی سەقامگیر بۆ خۆی دابین بكات ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت. شاجوانی ئەمریكی كیلی رۆهرباخی تەمەن بیست و پێنج ساڵە هەڵبژاردووە و داوای لێكردووە كە ببێتە هاوسەری، ئەم داوایەی لیۆناردۆ دوای پێوەندی چوار مانگەی نێوانیان دێت، سەرچاوە رۆژنامەوانییەكان بۆ پشت راستكردنەوەی ئەم هەواڵە دەڵێن: دوای ئەوەی یەكتریان ناسی پێوەندییەكەیان پەرەی سەندووە و ئێستا رۆهرباخ بەردەوام سەردانی دەكات و هاوبەشی یەكتری دەكەن لە كاروباری كۆمەڵایەتی و ژینگە و كەشو هەوا، هەروەها لە چەندین شوێنی دەرەكی لە حاڵەتی رۆمانسی بەیەكەوە بینراون و وێنەكانیشیان بڵاوكراوەتەوە ئەمەشیان بە نیشانەی ئەوە داناوە كە لیۆناردۆ بە جدی بیر لەوە دەكاتەوە ئەم جارە لەگەڵ رۆهرباخ ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت .





## هیڤی موراد:

# ئەگەر هونەری کوردی بە بازرگانی بکرێت ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات

خانمە گۆرانیبێژی دوورەوڵات هێڤی موراد ماوەی پێنج ساڵە هاتووەتە نێو بواری هونەر و دەستی بە گۆرانیوتن کردووە و ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی. لەم دیمانەیەدا سەبارەت بە کار و بەرهەمە هونەرییەکانی و خەون و خولیاکانی چەند پرسیارێکمان ئاراستە کردووە، کە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی داوەتەوە.

**• چۆن بوو رووت لە کاری گۆرانی و مۆسیقا کرد؟**

- لەساڵی ٢٠١٠ و دوای ئەوەی خوێندنم لە پەیمانگای موزیك تەواو کرد، ئیدی لەو کاتەوە هاتمە نێو بواری هونەر و دەستم بە گۆرانی و موزیك کرد.

**• هونەر لە کوردستان بەتایبەتی بۆ ئافرەتان بێ پاڵپشتی کارێکی زەحمەتە، کێن ئەوانەی پاڵپشت و هاوکاری تۆ بوون؟**

- ئەوەی راستی بێت زۆر کەس هەبوون هاوکاریی منیان کرد لەوانە مامۆستاکانم و باوك و کەسوکارم هەموویان هەوڵیان دەدا کە من لە رووی هونەرییەوە بە تەواوی پێ بگەم و هاوکارییان دەکردم، چونکە دەیانزانی من بەهرەی هونەریم هەیە و بە حەزەوە رووم لەو بوارە کردووە، بەڵام ئەوەی زۆر هاوکاریی کردم و تا ئێستاش بەردەوامە لەگەڵم هەڤاڵ و هاوکارم هونەرمەند سەباح حاجۆ بووە، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە سەباح حاجۆ رۆڵێکی گرنگی هەبووە و من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە من و ئەو پێکەوە هەڵکەوتین، چونکە کەسێکە زۆر لە هونەر دەگات و دەزانێ من پێویستم بە چی هەیە و هاوکاریم دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کە دەستم بە کاری هونەری کردووە زۆربەی کارەکانم وەك گۆرانی و کلیپ خۆم ئەنجامیان دەدەدم و بەردەوام هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی کاری باشتر. هۆکاری دواکەوتن یان ون بوونیشم لە ماوەی رابردوودا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من ئێستا لە ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبەم، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر دواکەوتنم، بەڵام من هەر بەردەوام دەبم لە کاری هونەری و پەنا بە خوا کاری باشتر و جوانتریش پێشکەشی دەکەم.

**• گۆرانیی (ئەرێ پسمام) هۆکارێك بوو بۆ دەرکەوتن و ناسینی زیاتری تۆ لەلایەن جەماوەرەوە، چیرۆکی وتنەوەی ئەم گۆرانییە چۆن درووستبوو؟**

- هەر لە سەرەتای کاری هونەریمەوە من گوێم لە زۆربەی گۆرانیبێژانی کورد دەگرت، واتە هەر گۆرانییەکی خۆش هەبێت و هەست بکەم لە ستایلی و شێوازی گۆرانیی وتنی منەوە نزیکەوە من گوێی لێدەگرم، یەکێك لەوانەی کە من کاریگەرم بە دەنگ و گۆرانییەکانیان هونەرمەندی نەمر ئەردەوان زاخۆییە، گۆرانی (ئەرێ پسمام) یش یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە زۆر گوێم لێدەگرت و حەزم کرد بیلێمەوە، بۆیە بە دەوروبەری خۆم راگەیاند کە دەمەوێ ئەم گۆرانییە بلێمەوە و رای ئەوانیشم پێ گرنگ بوو، هەموو ئەوانەش پشتگیرییان کردم و هاوکاریشیان کردم لە وتنی ئەم گۆرانییە، بۆیە بە کلیپیش لە قامیشلۆ تۆمار و بڵاومان کردەوە و یەکێك بوو لە گۆرانییە سەرکەوتووەکان لەلای جەماوەرەوە، لێرەوە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە هاوکارییان کردم لە وتن و وێنەگرتن و تۆمار کردنی گۆرانییەکە.

**• جیاوازی لە نێوان ئەنجامدانی کاری هونەری لە ئەوروپا و کوردستان چییە، ئایا لە ئەوروپا سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بۆ تۆ ئاسانترە، یان لە کوردستان؟**

- نەك تەنیا بۆ من، بەڵکو وا بزانم کاری هونەری بۆ هەموو هونەرمەندانی کورد لە ئەوروپا زۆر زەحمەتە، پێویستە هونەرمەند هەموو کارەکان لەسەر ئەرك و ئەستۆی خۆی ئەنجام بدات، بۆ هونەرمەندانی رۆژئاوا کە ئێستا روویان لە ئەوروپا کردووە زۆر زەحمەتترە، چونکە لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانێکی نوێن، بۆ منیش کە چەند ساڵێکە لە ئەوروپام سەرەتا هەمان شت بوو، بەڵام سەرەڕای ئەم ئاستەنگانەش ئێمە هەر بەردەوام دەبین و بە نیازم چەند کاری جوانتر بکەم بە دیار بۆ جەماوەرەکەم.

**• وەك هێڤی موراد، مەرجەکانی سەرکەوتنی هونەرمەند چین؟**

- پێموایە مەرجی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی هەر هونەرمەندێك ئەوەیە سەرەتا دەنگێکی خۆشی هەبێت، هەروەها لە هونەر بگات و لەرووی هونەرییەوە خوێندبێتی بەشێوەی ئەکادیمی، جگە لەمانە مەرجی سەرکەوتنی هونەرمەندان بە گشتی ئەوەیە کە کۆمپانیای هونەری و کەناڵی هونەری هەبێت بۆ ئەوەی پاڵپشتی هونەرمەندان بکرێت.

**• کەناڵە کوردییەکان تا چەند لە پێشخستنی هونەری کوردی رۆڵیان هەبووە ؟**

- پێموایە نەبوونەتە هۆی پێشکەوتنێکی دیار و بەرچاوی لە هونەری کوردی، چونکە زۆربەیان تەنیا بە چەند هونەرمەندێك دەگرن، ئەگەرچی دەنگیشیان خۆش بێت پاڵپشتییان دەکەن و هونەرمەندانی دیکە پشتگوێ دەخەن

**• بە بازرگانی کردنی هونەری کوردی چۆن دەبینی؟**

- من لەگەڵ ئەوە نیم کە هونەری کوردی زۆر بەرەو بە بازرگانی بچێت، ئاساییە ئەگەر لەم بوارەوە هونەرمەندان بتوانن پێشکەوتنێکی بەدەست بهێنن، بەڵام ئەگەر هونەری کوردی بە گشتی بە بازرگانی بکرێت رەنگە ئەو رەسەنایەتی و ناوبانگەی هەیە لە دەست بدات.

*** بوونی ئافرەتان لە نێو بواری هونەریدا چۆن دەبین؟**

- مایەی خۆشحاڵییە کە ئافرەتانی کورد ئێستا بوونیان هەیە لە بواری گۆرانی و موزیك ئەمەش لە هەموو جیهاندا هەیە، بە گشتی هەوڵێکی باشە و هیوادارم بەردەوام بن و رۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی هونەری کوردی.

*** هەر هونەرمەندێك ریتم و ستایلێکی تایبەتی خۆی، تۆ زیاتر لە چ ستایلێکی خۆت دەبینیەوە؟**

- من زیاتر لە ستایل هێمندا خۆم دەبینمەوە و هەست دەکەم تێیدا سەرکەوتووم و حەزی لێدەکەم، بۆیە ئەم ستایلەم هەڵبژاردووە.

*** کاری هونەری بۆ تۆ بووەتە هۆکارێك بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان؟**

- نەخێر تا ئێستا کاری هونەری هۆکارێك نەبووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، ئەوەی منی بە گۆرانێ بەستەوە بەهرە و خوێندنی بواری هونەری بووە و باوەڕ ناکەم لە داهاتووشدا بەو شێوەیە کاری هونەری ئەنجام بدەم.

*** بیرت لە گۆرانیی وتن نەکردۆتەوە بە شێوەزاری سۆرانی؟**

- لە دڵەوە حەز دەکەم بە سۆرانی گۆرانییەك بڵێم، ئەگەر تێکست و موزیکێکی خۆش هەبێت بە دڵنیاییەوە پێشکەشی دەکەم.

*** هیچ بەرنامەیەك نییە بۆ ئەوی سەردانی کوردستان بکەی؟**

- نەخێر لە ئێستادا هیچ بەرنامەیەکم نییە بۆ ئەوەی سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام هەر کاتێك دەرفەت هەبێت بێگومان سەردانی کوردستان دەکەم.

*** دوایین کاری هونەری و بەرنامەی داهاتووت چییە؟**

- ماوەیەك بەر لە ئێستا گۆرانییەکم بۆ پەنابەران تۆمار کردووە، ئێستاش خۆم ئامادە دەکەم بۆ تۆمارکردنی دوو گۆرانیی دیکە لە نەورۆز یەکیان بۆ شەهیدانە و ئەوی دیکەش بۆ نەورۆز و رەنگە گۆرانییەکی فۆلکلۆری بە شێوەزاری سۆرانی بێت لەسەر نەورۆز.